# مۆدەکانی پووتی زستانە

ریما مەشاری، پسپۆڕی هەڵبژاردن و دیزاینی جلوبەرگە، لە بارەی ئەو مۆد و شێوازانەی لە وەرزی زستاندا جێگەی بایەخ و جوانی خانمانن، لە هەمان کاتیشدا، مۆدێکی سەرنجڕاکێش و نایاب دەبێ، هەروەها بۆ پاراستنی خانمان ئامۆژگاری هەڵبژاردنی پووت دەکات، کە وەك کەرەستەیەکی جوانکاری بۆ جوانی جەستە و شێوازێکی جوان لەو وەرزەدا نیشان دەدات، هەروەها جێگەی پێڵاو دەگرێتەوە و تەنانەت پارێزگاری لە قاچ و پێی خانمانیش دەکات، وێڕای ئەوەی پووت لەگەڵ کراسی درێژ و پانتۆڵ و تەنوورەشدا دەگونجێت، ریما دەڵێ: جوانترین مۆدەکانی پووت لەم پێنج جۆرەدا خۆیان دەبیننەوە، مۆدەکانیش لە نیو پووت و پووتی درێژ پێکدێن، زۆربەشیان لە پێست و قایش و سووف دروست کراون، ئێوەش دەتوانن یەکێك لەو چەشنانە هەڵبژێرن و لە پێی بکەن:

- پووتی فەڕوو و پێست: یەکێکە لە مۆدەکانی پووت، کە لە فەڕوو و پێست دروستکراوە، بۆ ئەوانەی کە هەردەم هەست بە ساردی قاچەکانیان دەکەن، بەسوودە، ڕەنگی ئەو مۆدەیە ڕەش و قاوەییە.

-پووتی بە قەیتان و داوداو، مۆدێکی سەرنجڕاکێشە، هەندێکیان بە قەیتانی سەر پێیەکانەوە رازاوەتەوە، هەندێکی دیکەش بە داو کە زۆربەی قاچ دادپۆشێت تا دەگاتە سەر ئەژنۆ، ڕەنگی ئەو مۆدە سوور و شین و سپی لە خۆ دەگرێت.

- پووتی کریستاڵ و ستراس، شێوازێکی جوان و نایابە، بۆ ئاهەنگ و زەماوەند لەپێ دەکرێ کە بە کریستاڵ و ستراسی وردە مووروو رازاوەتەوە، ڕەنگەکانی زیاتر پەمەیی و سەوز و پرتەقاڵییە.

- پووتی شامۆ، مۆدێکی دیکەی پووتەکانی ئەو وەرزەیە، کە لە ماددەی شامۆ دروست کراوە و بە قوماشیش داپۆشراوە، نەرم و نیانە، بۆ ئەوانەیە هەست بە گەرمی پێی و قاچەکانیان دەکەن، لە زۆربەی ڕەنگەکاندا ڕەنگی کراوەیە، بە تایبەت زێڕی و خاکی و شەکەری.

- پووتی بە پاژنە و فلات، وەك چۆن پووت کورت و درێژی هەیە، هەروەها بە پاژنە و بێ پاژنەش دەبنە مۆدی ئێستا، بەڵام زیاتر پووت دەبێ فلات بێ و پاژنەی نەبێ، تا شێوەی رۆیشتنی خانمان جوان و بێ گرفت بکات.



# مەساجی دەم و چاو چۆن دەکەیت

سەنتەری جوانکاری دانێلا، لە ڕێنماییەکانی بۆ خانمان ئاماژە بەوە دەکات کەوا پاراستنی ڕووخسار، ئەرکێکی گرنگە و دەبێ ڕۆژانە پاك بکرێتەوە، هەروەها ئەگەر ماوە ماوە مەساجیشی بۆ بکرێت، سەر و سیما جوانتر و سەرنجڕاکێشتر نیشان دە دات، نیان لە سالۆن دانێلا دەڵێ: مەساجکردنی دەم و چاو کۆمەڵێك سوودی هەیە، لەوانە: نەهێشتنی چرچ و لۆچ، گەشانەوەی پێست و دەم چاو، پاککردنەوەی پێست، زیندوو کردنەوەی خانەکانی پێستی ڕووخسار، بۆ چۆنیەتی مەساجکردنی دروست بۆ ڕووخسار، پێویستە خانمان ئەو ڕێگە و ڕێکارانە بگرنەبەر، تا بتوانن ڕووخساریان بە مەساجکردن جوانتر و گەشاوەتر بکەن:

- سەرەتا دەبێ دەم وچاو بە جوانی پاك بکرێتەوە، کە ئەوەش بە لۆکە و پەمووی نەرم، یان بە کەرەستەکانی پاککردنەوەی ڕووخسار وەك بەکارهێنانی هەڵمی بۆ ماوەی (١٠) خولەك.
- پاشان گیراوەیەکی تایبەت هەیە بە گوێرەی پێستەکە بەکاردەهێنرێت، دەبێ گیراوەکە بۆ ماوەی (٥) خولەك بمێنێتەوە.
- پاشان دەم و چاو دەشۆردرێت و ماسکێکی دیکە دەکرێت کە پێدەگوترێت (پۆدرەی ماسکە) لەگەڵ هەنگوین و ئاوی میوە، بە گوێرەی پێستەکە، ئەگەر پێستەکە وشك بوو، ئەو پۆدرە لەگەڵ هەنگوین دەگیرێتەوە، ئەگەر پێستەکە چەور بێت، لەگەڵ ئاوی لیمۆ یان پرتەقاڵ، بۆ ماوەی (١٥) خولەکی دیکە پێوەی دەمێنێت، دەیشوات، دواتر کرێمی نەرمکردنەوەی پێست و ڕووخسار کە هەر خانمێك کامەی لەلا پەسندە دەتوانن ئەو جۆرە بەکاردەبهێنن.
- شێلانی دەم و چاو، پێویستە کەمتر نەبێت لە (٥) خولەك، بەڵام مەرجە شێلان بە ڕۆنی سرووشتی بێت، واتە یەکێك لەو جۆرە ڕۆنانەی کە لە میوە و سەوزەی سرووشتی دروستکرا بێت، تا مەساجەکە تەندرووست و بە ئەنجام بێت، ئەو ڕۆنانەی بۆ مەساج بەکاردەهێنرێن بریتیین لە: ڕۆنی گوێزی هیندی، ڕۆنی زەیتی زەیتوون، ڕۆنی بادەم، چونکە بەبێ ڕۆن مەساجی دەم وچاو لە جیاتی سوود، زیانی بۆ ڕووخسارت دەبێت.
- ڕێگەی ئاراستەکردنی مەساج کردن پێویستە بەم جۆرە بێت، لە چەناگەوە دەست پێبکەین تا دەگەینە نێوچەوانی سەر، کە ئەوەش دەبێ بە بەکارهێنانی سەر پەنجەکانەوە و بە جووڵەی بچووك لە خوارەوەی چەناگە بۆ سەرەوەی ڕوومەت، بۆ ڕوومەتیش بە جووڵەی بازنەیی بە سەری پەنجەکانەوە مەساج دەکەیت، ، هەروەها بۆ پشت چاو و ژێر چاو، دەبێ لە لەلای لووتەوە بەرەو دەرەوەی چیوە چاو بشێلیت، واتە دانانی پەنجەت بە شێوەیەکی کەوانەیی، کە لە لووت دەستپێدەکەیت تا دەگەیتە کۆتایی برۆ دەیشێلیت، بۆ لووتیش دەبێ بە جووڵەی ئاسۆیی بێت، لە خوارەوەی لووت بۆ سەرەوە.









## دەسبەندی نەرم دەستەکانت سەرنجڕاکێشتر دەکات

لە وەرزی زستاندا، خشل و ئێکسسوار ئەوەندە بەرچاو نابن، بەهۆی ئەوەی لەم وەرزەدا جلی زۆر لەبەر دەکرێن، واتا ئەو شوێنانەی لە وەرزەکانی دیکە بە دەرەوە دەبن، لەم وەرزەدا بەهۆی سەرماوە دادپۆشرێن، هەر بۆیە خانمان لە زستاندا ئەوەندە بایەخ بە ئێکسسوارەکانەوە نادەن، ئەو شوێنەی کە ئێکسسواری بۆ دادەنرێ و لەو کاتەدا دەردەکەوێ، دەستە، بۆ دەستیش دەتوانین چەندین خشل و ئێکسسوار هەڵبژێرین، وەك، کاتژمێر، بازن، دەسبەند، قایشی دەست، خانمانیش دەتوانن بەپێی چوونیان بۆ ئەو شوێنەی مەبەستیانە یەکێك لەو ئێکسسوارانە لە دەستبکەن، چاکتریشە ئافرەتان بزانن چ جۆرە ئێکسسوارێك بۆ چ شوێن و کاتێك گونجاوە، بۆ ئەوانەی دەوامی فەرمیان هەیە لە دامودەزگاکاندا، واچاکە کاتژمێر و دەسبەندێك لە دەست بکەن، بۆ ئەو کچانەی دەچنە زانکۆ، واجوانە دەسبەند بە تەنیا لە دەستەکانیان بکەن، بۆ چوونە دەرەوە و بازاڕ، دەسبەند و بازن گونجاوە، بۆ ئاهەنگ و زەماوەندەکانیش، دەتوانن بازن و دەسبەند لە دەست بکەن، بەهۆی ئەوەی زستان وەرزێکی ساردە و لە دەست کردنی بازن و کاتژمێر بە تایبەت ئەوانەی لە ئاسنن، زیاتر دەست سارد دەکات، بۆیە وا چاکە دەسبەندی لە پەڕۆ و قوماش و قایش لەدەست بکەن، هەم دەست سارد ناکات و سەرنجڕاکێشیشە لە جوانیدا.



# پەنیری بە جۆشی کوردەواری

ژیانی کوردەواری پڕە لە بەرهەمهێنان و کاری دەستڕەنگینی و کەرەستە و خواردنی رەسەن، هەموو ئەوانە بە دەست و بازووی ماندووی پیاوان و لێهاتوویی ئافرەتان بەرهەم هاتوون، یەکێك لەو خواردنە خۆش و بەجۆشانەی کە ساڵانێکە لە کوردستان ئامادە و دروست دەکرێت، پەنیرە، کە لە شیری خاوی ئاژەڵەوە دروست دەکرێت، بە تایبەت شیری مەڕ و مانگا، بەهۆی ئەوەی شیری مەڕ بەتینە و ڕێژەیەکی زۆری چەوری و ماددە و کانزای بە هێزی تێدایە، پەنیری خۆمانە، لە شێوەی سەرەکی بچووك و گەورەیە، کە بە پەنیری خۆماڵی دەناسرێ، دوای ئەوەی مەڕ و ماڵات دەدۆشرێت، پاشان شیرەکە دەپاڵێورێت تا بە جوانی پاك بێتەوە، ئینجا دەخرێتە ناو مەنجەڵێکی گەورە، پاشان هەوێنی تێدەکرێت کە پێیدەگوترێت(شیلك) ئەو هەوێنە لە نەرمە گۆشتی نێو هەناوی بەرخ و مانگای ساوا دەردەهێنرێ، ئەو شیلکە چیر و نەرمە، دوای ئەوەی دەشووردرێتەوە و پاشان پاك دەکرێتەوە، دواتر ئاوی مێخەك و پەلکی پرتەقاڵی تێدەکرێت تا تامی خۆش بکات و تێکنەچێت، ئەو شیلکە لەناو سەتڵێك یان کوپێك دادەنرێت، دوای ئەوەی مەڕ دەدۆشرێ و شیرەکە دەهێنرێت و پاشان ئەو شیلکەی دەخرێتە سەر. دوای مانەوەی بۆ نزیکەی (٣٠) خولەکێك، شیرەکە هەڵدەپرکێ و هەندێکی پەیت دەبێت وەك شیرە پەیتە و بەشەکەی دیکەی دەبێتە ئاو، ئەو بەشە پەیتەی دەخرێتە ناو پارچە پەڕۆیەکی پاك، پاشان بە دەست ئەو گونیە دەگوشرێت و ئاوەکەی بە تەواوی لێدەگیرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە سەلکە پەنیری گەورە و بچووکی لێدەردەچێت. هەر سەرکە پەنیرێك نزیکەی (نیو تا ٣ )کیلۆی دەردەچێ، ئەو ئاوەی لە پەنیر گوشینەکە دەمێنێتەوە، دەخرێتە سەر کزە ئاگرێك و پاشان دەکرێتە لۆر، کە ئەویش خواردنێکی دیکەی بە جۆشە و هاوشێوەی پەنیر و ماست و ژاژی، ئێستا نرخی کیلۆیەك پەنیر (١٠ تا ١٢) هەزار دینارە، خەڵکیش خواستیان لەسەرە بەیانیان و ئێواران لەگەڵ نانی گەرم و چای شیرین نۆشی دەکەن.



# مراوی رەشی هەمیشە خەمبار

مراویی رەش، بلاك سوان، ئەو چیرۆکە خەیاڵییەی کە ساڵانێکە وەك داستان و رۆمان لە نێو رۆشنبیری و کلتووری گەلانی ئەورووپا و رۆژئاوا دەگوترێ، یان وەك چیرۆکێك دەگێڕدرێتەوە، ئەو باڵندە رەش و خەمناکە، تەنیا لە چەند شوێنێکی زەویدا دەبینرێت، کێشی (٨ تا ٩) کیلۆگرام دەبێ، شێوەی ملی خوار و خێچە، وەك پیتی (S)ی ئینگلیزی وایە، سەری باڵەکانی رەشە و بەمەش شێوەی لە دوورەوە رەش دەچێتەوە، ناوی زانستی مراوی رەش (Cygnus atratus).

باڵندەی رەش بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (١٦٩٧) لەلایەن تیمێکی ئەورووپی دۆزرایەوە، شوێنی دۆزینەوەکەشیان لە رووباری سوان لە رۆژئاوای وڵاتی ئوسترالیاوە بوو، بەپێی چەندین بیر و باوەڕی کۆنەوە، ئەوەی لەو باڵندەیە نزیك بێتەوە تووشی خەم و کێشە و مردن دەبێتەوە، لە ترسی ئەو بۆچوونە تا ئێستا ئەو باڵندەیە خۆماڵی و کەوی نەکراوە. باڵەکانی نزیکەی (٢) مەتر دەکرێنەوە و درێژیشی دەگاتە (١٤٥) سەنتیمەتر، دەنگی مراوی رەش لە دوورەوە وەك ئاوازێك دەبیسترێت، بە تایبەت ئەگەر شەڕ بکات و خەمبار بێت، تا ئێستا چەندین داستان و چیرۆك و فیلم لەسەر ئەو باڵندە رەشپۆشە بەرهەم هێنراوە.




# خەوتن لە ئاسماندا!


لـەم چەنـد سـاڵەی دواییـدا، سەرکێشـییەکانی مـرۆڤ لە چەندیـن بـواردا دەقۆزدرێتەوە و گرنگی پێدەدرێت، ئەویش بە مەبەستی بەدەستهێنانی ناوبانگ و کات بەسەر بردن، زۆربەی ئەو کارانەش ژیانی کەسـەکان دەخاتە مەترسـی و لە لێواری مردنەوە دەبن، لە ژمارەکانی پێشوودا ئەو ئافرەتەمان نیشاندا، کە بە پێڵاوی پاژنەبەرزەوە لەسـەر گوریس سەرکێشی دەکرد، ئەمجارەیـان هەر یەکە لە (سباسـتیان وەلای و ئورورا بیوسی)، سەرپەرشتی ئەو تیمە دەکـەن، کە لە کارە سەرکێشـییەکەیاندا، دەیانـەوێ لـە بەرزییەکـی زۆرەوە شەوانەیان بە خەوێکی خۆشەوە بەسەر ببـەن، ئـەو تیمـە لە (٢٦) کەس پێکهاتـووە، دوای ئەوەی لە پێشـوودا توانیـان لـە بەرزی (٥٠) مەتر و لـە نێو دوو کێوی بەرزەوە، لەنێو پێخەفێکی بچووك و بەسـتراو بە گورسـێکەوە بخـەون، لە دوا نمایشـیاندا، توانیـان لە بەرزی (٢٠٩) مەتر، پێخەفەکانیـان رابخەن و سـەرخەوی خۆیان بکـەن، کارەکەیان جێگەی مەترسی و ڕووبەڕوو بوونەوەی مەرگە، بەڵام هەموو ئەندامانـی تیمەکـە بەبێ ترس لەسـەر کارە سەرشـێتانەکەیان بەردەوام بوون و توانیان شەوێك تا بەیانی لە ئاسمانەوە بخەون. شـوێنی خەوەکەشـیان لـە زنجیـرە چیاکانـی (پیانـا) بوو کە دەکەوێتـە وڵاتـی ئیتاڵیا، بەرزی ئـەو زنجیرە چیایە دەگاتە (١٦٤) پێ لەسەر ئاستی زەویەوە.



## جیاوازی وێنە




- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەك هەیە بیاندۆزەوە !



# جل و بەرگ بۆ دار و بار



لە ژمارەکانی پێشوودا، باسی ئەو پیاوە بە تەمەنە ئوسترالییەمان کرد، کە جلی بۆ پەنگوین چێ کردبوو، وادیارە چینییەکان دەیانەوێ لەو بوارەشدا پێشەنگ بن، لە کاتێکدا ئوستراڵییەکان جل بۆ باڵندەکان دەچنن، بەڵام چینییەکان جلوبەرگ بۆ دارەکانی سەر شەقامەکان ئامادە دەکەن و لەبەریان دەکەن، لە شاری (شەنگهای چینی) و لە شەقامی (نانشتانگ) لەلایەن خەڵکی ئەو شوێنەوە چەندین جلی جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگیان بۆ دارەکانی سەر شەقامەکەیان چنیوە و ئامادەیان کردووە، ئەو کارەشیان بە مەبەستی پاراستنی دارەکانە لە سەرما و شەختە بەستن، جگە لەوەش وەك کارێکی ناوازە تا دارەکانی سەر شەقامەکیان بە جلوبەرگی جوانەوە بڕازێتەوە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەنگاوەکانت بەرەو ڕێگەی چارەسەری دەڕۆن و لەم ماوەیەشدا کێشەکانت ئاسانتر چارەسەر دەبن. دڵنیایی بدە بەو کەسەی کە لە دڵتە. ماوەیەکە دەتەوێت نهێنییەك بۆ هاوڕێکەت باس بکەیت و وا هەست دەکەی هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە بیزانێت، ئێستا ئەو نهێنییەی پێ بڵێ، ئەویش نهێنییەکی زۆر گرنگ ئاشکرا دەکات.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

سوود لە بیر و قسەی کەسانی دیکە وەربگرە و مەهێڵە بە ئاسانی بە سەرتدا زاڵ بن. کەسێك دڵی لەلاتە و تۆی دەوێ، چەند گرفتێك دەبنە هۆکاری دڵتەنگی کەسانی خاوەنی ئەم بورجە، بەڵام ناکرێت بێ هیوا بن، لە بەر ئەوەی بەوە ناسراون کە توانایان هەیە و بە ئاسانترین شێوە چارەسەری گرفتەکانیان دەکەن.



### کاور ٣/٢١ - ٤/١٩

واهەست مەکە کەسێکی گرنگ نیت لە هەستی کەسێکی نزیکتدا، بەڵکو تۆی لەلا گرنگە و پێویستە تۆش ئاگاداری بیت. هەوڵبدە زیاتر لێی نزیك ببیتەوە و ڕێگەی بدە تا ئەویش بۆتی بسەلمێنێت. وا هەست دەکەی کەسی بەرامبەر تۆی لەیاد کردووە و وەك جاران تۆی خۆش ناوێت، بەڵام وا نییە و هەست بە کەسانی دەوروبەرت بکە و پشتگویان مەخە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئاراستەی سەرکەوتنەکان بەرەو ڕووت دێن و لەم کاتەدا جێگەی بایەخ و گرنگیی تۆن، بیر لە کێشەکانی ڕابردوو مەکەرەوە و بۆ داهاتوو هەوڵبدە. دەبێت بەشێوەیەکی بەردەوام و باشتر هەوڵ بدەی بۆ ئەوەی کەسانی زیاتر متمانە بە تواناکانت بکەن. خۆشەویستەکەت ئەم ماوەیە کاتی نییە وەك جاران قسەت لەگەڵ بکات.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بڕیاری کۆتایی خۆت و ئەو کەسەی دڵت لەلای تۆیە، ژیرانە بڕیارێك بدە و هەستی ئەویش بریندار مەکە، ڕێگا مەدە قسەی خەڵك کاریگەرییەکی زۆرت لەسەر دروست بکات، ئەگەر پێتوایە کارێکی باش ئەنجام دەدەیت و زیانی بۆ کەس نییە، ئەوا پێویست ناکات ڕای زۆر کەس وەربگریت، بیرۆکەی خۆت جێبەجێ بکە.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

مەهێڵە چەند گرفتێکی بچووك ژیانت تاڵ بکەن و کارەکانت بشێوێنن، پێویستە متمانەت بە خۆت زیاتر بێت. ئەگەر دەتەوێت سەرجەم شتەکان لەبەرژوەندی تۆ دا بن، دەبێت زیاتر هەوڵ بدەیت، لەبەر ئەوەی ناکرێت بەم شێوەیە و بە ئاسانی سەرجەم خەونەکانت بێنەدی، ئەوە پێویستی بە هەوڵدانی زیاتر هەیە.



## پەند و وتە

**- نۆرمان فنسینت پێل بۆ مێشك و عەقڵی بەتاڵ دەڵێ :**

نەمبینیوە کە گیرفانی بەتاڵی هەندێ کەس، بیرۆخێنێت و بە زەویدا بدات، بەڵام بینیومە و دەبینم کە ئەوانەی مێشك و عەقڵیان بەتاڵە، هەمیشە شکست خواردوون و ڕووخاون !

## تابلۆ



**- خوانی بلشازار**

یەکێکە لە تابلۆ هەرە بەناوبانگەکانی وێنەکێشی هۆڵەندی (ڕامبردانت هارمینسزۆن ڤان ریجن)ـەکە لە ساڵی (١٦٠٦) لە شاری لایدینی هۆڵەندا لەدایك بووە، ڕامبردانت یەکێك بووە لە ڕەخنەگرە بەهێزەکانی ئەو سەردەمەدا، ئەم تابلۆیە باس لە خوانی شای بابلییەکان دەکات، کە ناوی (بلشازار) بووە، لە شەوێکدا، زۆربەی خەڵکی شانشینەکەی لە خوانێکی ئێوارەدا داوەت کردووە، ڕامبردانت ئەو وێنەیەی لە ساڵی (١٦٣٥) کێشاوە. درێژی (١٦٨) سەنتیمەتر و پانی (٢٠٩) سەنتیمەترە و بە یەکێك لە تابلۆ زەیتییە نایابەکان دادەنرێت، ئێستا لە ناشناڵ گەلەری لە شاری لەندەنی بەریتانیا هەڵگیراوە، ڕامبردانت لە ساڵی (١٦٦٩) کۆچی دوایی کردووە.

# دوو خوشک و برایەک ڕۆژی لەدایکبوونیان وەکو یەکە!



هەر ئەندامێکی خێزانەکانمان لە ڕۆژ و مانگ و ساڵێك لە دایك بووین، کەم جار وادەرکەوێت کە دوو کەس لە ماڵێکدا هاوڕۆژ بن لە ڕۆژی لە دایك بوونەوە، بەڵام لەگەڵ کەسانی دیکەدا لە ڕێکەوتێك هاوبەش و هاوکات دەبین، بەمەش ڕۆژی لە دایك بوونمان وەکو یەك دەبێ، بەڵام سەیرترین حاڵەتی چەند منداڵێك کە لە یەك ڕۆژدا لەدایکبوون، تەنیا ساڵی تەمەنیان جیاوازە، ئافرەتێکی بەریتانی بەناوی (کیتی ئەنیت)، دایکی چوار منداڵە، بەم دواییە منداڵێکی کوڕی بەناوی ئەلیسکەندەر بووە، کە لە (١٦-١١-٢٠١٥) لەدایکبووە، ئەو ڕۆژەش هەمان ڕۆژی لەدایکبوونی هەر یەکە لە (ئەلین و ڕۆز) هەردوو کچەکەی دیکەیەتی، کە ئەوانیش بەر لە (٥) ساڵ لەمەوبەر و لەگەڵ کچە گەورەکەی کە ئەویش (٨) ساڵ پێش ئێستا و لە (١٦-١١) لە دایك بووە، تەنیا کچێکی نەبێ کە ئەویان ڕۆژی لەدایکبوونەکەی جیاوازە لەگەڵ سێ منداڵەکەی دیکە.

## کاریکاتێر

- لەم کاریکاتێرەدا، باس لە ئاڵوودەبوونی مرۆڤ بە ئامێرەکانی مۆبایل و بەتایبەت وێنەگرتنی سێلفی دەکات، کەسێکە لە کاتی خێرکردنیشدا وێنەی سێلفی پارە پێدانەکەی خۆی لەگەڵ هەژارەکە دەگرێت.






### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەنگاوەکانت بە جوانی ڕێگەیان گرتووە و تەنیا هەوڵ بدە بەردەوام بیت لەسەریان تا دەگەیتە ئەنجامەکان. پێشبینی هەموو کارێکی خۆت بکە، بەتایبەتی ئەو کارەی کە ماوەیەکی زۆرە خەریکی بوویت. بڕیاری خێرا مەدە و باش بیری لێ بکەوە، لەوانەیە کاریگەریی نێگەتیڤ دروست بکات و دواتر هەست دەکەی هەڵەیەکی گەورەت کردووە.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

کەسێکی بەهێزی و بەرگەی هەموو کێشە و گرفتەکان دەگریت. بەڵێنت بە کەسێك دابوو کە چی جوانە پێشکەشی بکەیت، لە بیری مەکە و هەوڵبدە زیاتر لێی نزیك ببیتەوە، کارەکانت شایستە و جێگەی دەستخۆشین، بەڵام کەم کەس پێی بزانن. لە بواری هەستەوە کەسێکی بە بەزەییت و هەردەم خۆت دەکەیتە قوربانی.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە کارەکانتدا سەرکەوتووی، بەڵام کەسێکی سادە و سانای، هەر ئەوەشە وایکردووە کە کەسانێك کێشە و گرفتت بۆت دروست بکەن، بەڵام مەهێڵە کارەکانت بشێوێنن و خۆت سەرپەرشتییان بکە. بەشێوەیەکی گشتی هەست بە ئاسوودەیی دەکەی لە ڕۆژانی داهاتوودا بەهۆی ئەوەی یەکێك لە خەونەکانت دێتە دی، کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی دەکەیت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەموو کەسێك ڕووبەڕووی ناخۆشی دەبێتەوە و نابێ بێ ورە بیت و کێشەی بچووك بێتاقەتت بکات. بەختێکی باش ڕووت تێدەکات و لە داهاتوویەکی نزیکدا هەستی پێدەکەیت، ئێستاش هیوا هەیە بۆ ئاسایی بوونەوەی پێوەندی نێوان خۆت و هاوڕێکەت، ئەویش ئارەزوو دەکات قسەت لەگەڵ بکات، دەتوانن زیاتر لە جاران پێوەندیی نێوانتان بەهێز بکەن.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بڕیارەکانت جێگەی نیگەرانین و ماوەیەکی زۆرە کارەکانت تێکەڵ کردووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە بیر لە کۆمەڵێك ئامانج دەکەیتەوە، پێویستە بەرە بەرە گرنگییان پێبدەیت و هەموویان کۆ نەکەیتەوە. کەسێك دەیەوێ لێت نزیك بێتەوە، بەڵام متمانەی پێت نییە، هەوڵبدە تۆ لێی نزیکتر ببیتەوە و دڵنەوایی بدەیتەوە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

دەتوانی کەسانی دەوروبەرت لە یەکتر جیا بکەیتەوە و بزانە کامەیان لەلات گرنگە و کامیش دژایەتی تۆ دەکات. مەرج نییە هەموو هاوڕێیەك هاوڕێی ڕاستەقینە بێت، ئەگەر سەرکەوتنت بەدەست نەهێنا واز مەهێنە و بەردەوام بە تاکو پێی دەگەیت، زیاتر خۆشەویستی بە کەسی بەرامبەر ببەخشە، کەسێکی زیرەکی و بە توانای لە کارەکانت.

## پشیلە زەبەلاحەکان !

دەگوترێ پشیلە هاوشێوەی پڵنگە لە شێوەدا، تەنیا لە قەبارە و دڕەندەیی جیاوازە، شێوە و قەبارەی پشیلە دیارەو لە بەرچاوی هەموومانە، بەڵام ئەگەر ڕۆژێك پشیلەیەکی ئەوەندەی پڵنگێکت بینی، مەشڵەژێ و سەرسام مەبە، چونکە جۆرە پشیلەیەك هەن بە ناوی (ماین کوون)، کە شێوەیان ئەوەندە گەورە و زەبەلاحە وەك ئەوەی لە پڵنگ بوو بێت، ئەوەتا خانمێکی ئەمریکی تەنیا کاری بەخێوکردنی پشیلە گەورەکان دەکات، تا ئێستا پێنج پشیلەی زەبەلاحی هەیە، ئەو ئافرەتە ناوی (ماریان ئەنتوان)ـە کە زۆربەی پشیلەکانی درێژییان مەتر و نیوێك زیاترە، تەنانەت یەکێك لە پشیلەکانی کێشی (٣٥) کیلۆگرامە، ماریان، هەر پشیلەیەکی لەم چەشنە ببینێت، یەکسەر داوای دەکات و دەیکڕێت، ئەو دەیەوێ ژمارەیەکی پێوانەیی لە بەخێوکردنی پشیلە زەبەلاحەکان هەبێت.





## فێڵکاری

- لەم وێنەیەدا، قەناس بە دەستێك هەیە، هەوڵبدە سەرنج بدەیت و کەسەکە بدۆزیتەوە !

## نوکتە

- نەخۆشێك دەچێتە لای دکتۆر و دەڵێ: دکتۆر هەموو شەو خەو بە تۆپی پێ دەبینم و زۆر بێزاری کردووم، چارەسەرێکم بکە. دکتۆریش دەڵێ: دەتوانی ئەمشەو نەخەویت و خەوەکە نەبینیت، بەیانی ئەو خەوە لە مێشکت نامێنێت. نەخۆشەکەش دەڵێ: ئاخر دکتۆر ئەمشەو یاری کۆتاییە !